# ئەحمەد کاکە مەحموود، گەلێ لە پێش ئەوانەوە..!

## فەرهەنگی نیپۆتیزم، کارێزمایی، جیهانبینی سیاسیی

## لە ئەزموونی ژیانی مامۆستادا

کیان هەورامیی



ئەحمەد کاکە مەحمود لەکاتێکدا ماڵئاوایی لێکردین، کە بزووتنەوەی ئیسلامیی لەچوارچێوەی موئامەرەیەکی ناوخۆییو مەکراویدا بوو بوویە پارتێکی بێنازو لاواز، ئیتر هەموو سەنگینییو هێزێکی خۆی لە بەرامبەر نەیارانی پێشویدا لە دەستدابوو، ئەم هێزە لەرەوشێکدا بوو کە رووبەرووی چەندین حساباتی ئەزموونی جەنگی ناوخۆ بوو بوویەوە، لەم ئانو ساتەدا مامۆستا ماڵئاوایی لێکردین، ئانو ساتێك، کە رابوونی ئیسلامیی باجی مامەڵەی ئەو کەسانەی دەدا کە رۆژانێك بەنێوی دینو هیجرەتو جیهادەوە بزووتنەوەیان کردبوویە مەئوای جەنگو جیدالی بێسەروبەر لە ساحەی سیاسیی کوردستاندا، ئیتر بزووتنەوە باجی زۆری دا، ئازاری فرەی چەشتو خەمی قوڵی بەدڵسۆزانو دامەزرێنەرانی دا، لەکاتێکدا کەسانێکی بێ سەوادو گچکە، عەقڵ تاریكو بێ مەدرەك، بەناوی بزووتنەوەوە دەستیان لە پێوەندییو عەمالەتو دنیاویستی گیر بووبوو، ئیتر ئەوان بوونە پیاوی ئەمو ئەو، هەندێکیشیان لەگروپو ئەزمونێکی مەنگۆلی تردا حەوانەوەو چنگیان لە مەتاعی دەسەڵات گیربوو، هەر لەوێشدا بوونەوە بەواعیزو مورشیدی دنیاویستان، هەندێکیشیان بوونە مەردی وڵاتانی هەرێمییو ئۆتۆکراتە سیاسیەکانی ناوخۆ، مامۆستاش لە

تەك خەمەکانی رابووندا مایەوەو بوو بە مەردی بزووتنەوەو ئیسلام، بەم جۆرە لەسەر ئاستی مەکرو مەددی خیانەت بزووتنەوەیان خست، بزووتنەوەیان لەسەردەمی ئازادیدا دۆراند، ئەو بزووتنەوەیەی لە تاریکترین سەردەمو تارترین زیندانددا هەستابوویە سەرپێو بردبوویەوە، بەڵێ بزووتنەوە لە زیندانەکانی بەعسەوە بەدەستو پەنجەی پیاوانی وەكو مامۆستا مەلا عوسمانو ئەحمەد کاکە مەحمود ئێرەی پڕکرد لە وانەی سەربەستییو ئازادیی لە ئیسلامدا، دەبێت فاکتەرەکانی ئەم ئەزمە چیبن؟ بۆچی دەبێت بزووتنەوە لە رۆژانی تاریكو زینداندا وانەی سەربەستی بلێتەوەو لەسەردەمی ئازادیشدا بدۆرێت، ئەوانە کێبوون لەو رۆژانەدا بزووتنەوەیان پێگەیاند، بزووتنەوەیەك دوور لەجەنگی کورسی، دوور لە بۆنو بەرامەی پارەو دینار، دوور لەمەیلی زەعامەتو خیانەت، بزووتنەوەیەك دوور لە نەفەسی خەبیسی حزبایەتییو مۆراڵی تەسکی چینایەتی، بزووتنەوەیەك دور لە تەصدیری هزری شەرقو غەرب، دامەزرێنەرانی بزووتنەوەیان کردە ماڵی هەموو موسڵمانێك، بەلآم ئەمرۆ کەسانێکی نامادوو فرۆشتیانو جنجنیانکرد. ئیبن خەلدون دەڵێ" زاناکان کاتێك دەبوونە میهرو بەرەکەت بۆ هۆزەکەیان، بەتایبەتی ئەوکاتانەی کە فریای سیاسەتو جیهادو فەرهەنگو ئەخلاقی کۆمەڵگاکەیان دەکەوتن"، مەگەر ئەحمەد کاکە مەحمود لە وانەکانی سیاسەت لە ئیسلامدا پاکترین سیاسەتی فێر نەکردین؟ ، ئەو سیاسەتەی مامۆستا، کەی بەرامەی نەزعە جنسییو مادیەکانی ماوتسی تۆنغو چەپە دەمارگیرەکانی لینینو مارکسی تێکەڵبوو؟، ئەو سیاسەتەی مامۆستا فێری دەکردین، کەی وەحشەتناکییو بەربەریەتی بیری ماکیاڤیللی تێکەڵبوو؟، ئەو سیاسەتەی مامۆستا فێری دەکردین، کەی زەرەیەك کاریگەری دنیا ئاژەڵدۆستیەکەی ساتع الحصریو ئەفلەقی ناسی بوو؟، ئەو سیاسەتەی ئەو فێری دەکردین، ئەخلاق بوو، ئەخلاقێکی زیندوو، مامۆستا لە وانەکانی سەربەستیی لە ئیسلامدا فریاد رەسی هەموو ئەو گەنجانە بوو کە ناسیۆنالیزمیان بەفاشیزم دەبینی، فریاد ڕەسی ئەو گەنجانە بوو، کە ناسیۆنالیزمیان بەقۆناغێکی سەرمایەداری دەبینی، ئەوانی تێگەیاند، نەتەوایەتی بەشێکە لەدین، بەشێك نیە لە کوشتو بڕی ئەوانی تر، بەشێك نیە لە قڕکردنی فاپلیچ ئاسا، نەتەوایەتی نە لەبیری هیرۆهیتۆدایە نە سەدام، نەتەوایەتی نەلە هیتلەردایە نە لەلای ترومانو چەرچل، نەتەوایەتی نە لە تیۆرەکانی فیختەدایە نە لە خوێنڕشتنی یەعقوبیەکان، قەد لەوانەوە فێر نابین، ئەو لەدێرەکانی نوسینیدا نەتەوایەتی کردە بەشێك لە دین، دینێك بروای بەچینایەتی نەبێ.

لێرەدا ناچینە ناو وردەکاریەکانی ئەم بوارەوە، هێندە هەیە بزانین سەردارانی بزووتنەوە ، ئەوانەی دەستیان لەمەنسەبو پایەکانی سیاسەت گیر بوو بوو، دووجۆر بوون، کە ئەمرۆ لەخوێندنەوەی کەسایەتیاندا دەگەینە ئەم ئاکامانە.

<u>جۆری یەکەم</u>" بەهۆی بزووتنەوەوە گەورەبوونو ناویان دەرکرد، دیارە ئەم جۆرە لەدەرەوەی ماندوویەتی بزووتنەوەدا بوون، لەدەرەوەی فەرهەنگو فەلسەفەی ئیسلام دۆستی بزووتنەوەدا بون، لەدەرەوەی ئازار ناسی بزووتنەوەو میللەتی کورد بوون، هەربۆیە بەنەمانو لەناوچونیان ناویان دەسڕێتەوەو گوم دەبن، ئەوانە گەمەی رۆژگارن، چونکە سڕینەوەی ناوی کەسایەتیەکان، لەنەهجی دەروونی کەسایەتیە سیاسیەکاندا هەروەکو ماکس ڤێبەر لە عیلمی ئیجتماعی دینیدا باس لە شوهرەتی سیاسیە ئایینیەکان دەکاتو دەڵێ" ناوبانگی کەسەکان ئەگەر ناوبانگێکی دنیایی بێت، هێندەی زەمەن کاتیە، ئەو کەسانە، بەپێچەوانەوە رۆژگار گەمەیان پێدەکات"

<u>جۆری دووەم</u>" هەموو ئەو پیاوانە دەگرێتەوە کە بەهۆی ئەوانەوە بزووتنەوە پێگەیشت، ئەوان ویستی خودا بوون، ئەوان زیندوویەتی بۆنو بەرامەی سەردەمی نەبی بون، پیاوانێکی نوێخوازی وەك مامۆستا نەبووایە کەی ئەم رابوونە لە دەستی تەریقەتو شێخە نورانیەکانەوە بەم جۆرە تەحەدای ئیبداعە باوەکانی دنیایاندەکرد، هەربۆیە زیندویەتی رابوون لەنیەتی پاکی سەرکردەکانی بوو، بزووتنەوە ناوێك بوو بۆ گەیاندنی توانستی سیاسییو ئەدای بەڕێوبەرایەتی ئیسلام، ئەو کاتانەش بوویە ناوێك بۆ سەنگەری پارەو جەنگی براکوژییو عەقڵی بازارییو موراهیقیانە، ئیتر بوویە گەمەی رۆژگار، لەبەر ئەوە تەوازنی سیاسیی بزووتنەوەو ڕێبازی ئیسلامدۆستی



رابونەکەی، فەرهەنگی بۆخوا سوڵحانی سەردارانی دیاری دەکرد، چونکە بەردەوام رۆڵی سیاسیی و سەربازی سەرکردە لە بزافی رزگاریخوازی گەلاندا نەخشی یەکەمی دیوە، ئەم نەخشە لە بزافی رزگاریخوازی جیهانی سێداو لەبزافی سەربەخۆبوونی نەتەوەکاندا زۆر بەروونی دەردەکەوێت، ئەوانەی بوونەتە سیمبولی رزگاری، کاریان لەسەر بیری سیاسیی نەتەوەکانکردووە، لەچیندا ماوتسی تونغ، لەهیندا مەهاتما غاندیو جەواهر لال نەهرۆ، لە ئەفریقای باشوردا کاسترۆ، لە ڤێتنامدا هۆشی منە و لەخەباتی رزگاریخوازی گەلانی ئەمریکای لاتینو کوبادا جیڤارا مایەی شانازین، ئەوان رێبازی ئاییندەو خواستی میللەتبوون، ئەوان سەردارانی رۆژانی خەباتو هاوتا ژیانی هەژارانیان بوون، ئەی لەکوردستاندا کێن ئەوانەی دەبنە سیمبوڵ، تایبەتمەندیەکانی ئەو رابەرانە لەکام سەرداری کوردیدا زیندوون، ئەوە مافی هەر سەردارێکەو لەداهاتوودا بۆیاندەگەرێتەوە، پیاوانی ئەم ئیسلامە لە کوردستاندا، دەبێت رۆژانێك وەکو رەمزو سیمبوڵ یادیان بکەینەوە، ئەگەرچی بەبێنازییو لەژێر سایەی دەسەڵاتی مەغروری کوردیدا سەریاننایەوە، ئەگەرچی رەنجو خەباتیان، تۆزی رێگای جیهادو حەماسیوتارەکانیان ئێستاشو ئەوساش قیادەی بەعسو بەعسیەکانی تۆقاندبوو، بەڵام هەردەبێت رۆژێك تەفسیرو فەرهەنگو ئەدەبیاتی بەجێماوی مامۆستا مەلاعوسمانو ئەحمەد کاکە مەحمود، دەسەڵات بەئاگابهێنێتو بڵێت ئێوە سەروەریەکانی ئێمەنو مانایەکمان بێ بوونی ئێوە نیە، دەبێت دەسەڵاتی کوردی تێبگات، هەرکات دژایەتی ئەم رەمزانە کرابێت، ئیتر ئەزمونێکی شکست رووبەروومان بووەتەوە، لەباکوری کوردستاندا بەوتەی موسا عەنتەر یەکێك لەگرنگترین هۆکارەکانی شکستی پارتەسیاسیەکانی کورد لەساڵانی شەستو حەفتاکانی تورکیادا نەبوونی سەرکردەیەکی سیاسی بەتوانا بوو، چونکە کوردەکان دژایەتی رەمزەکانی خۆیانیان دەکرد، ئەوەتا بەکوژرانی دکتۆر سەعیدو دکتۆر شوانی رابەریان ئیتر بزووتنەوەی کورد هەتیو کەوت، لەکوردستانی رۆژهەڵاتیش هەرگیز سەرکردەیەکی سیاسی کارێزما، کە تەعبیر لە پەیوەندیە ئایینیو کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی کورد بکات نەبووە، ئەوان لەبەهێزترین پەیوەندی سوننە مەزهەبیەتی کوردانی رۆژهەڵاتدا باسیان لەماوچیەتی ئەنوەرخۆجەو ستالینو پارتی کۆمۆنیستی بولغاریا دەکرد، ئەمەش هۆکاری شکستی کوردانبوو لەوێ، لەبەر ئەوە ئەزموونی سیاسی باشوری کوردستانیش ئێستا گرفتاری

سیمبوڵو رەمزێکە کە تەعبیر لە ئیرادەی بکات، لەناو کورداندا رەمزی راستەقینە کاری لەسەر ناکرێ ، ئەوەتا گۆران دەڵێ

**لەناو قەومی بەسیتا، قەدری سەنعەتکار**

**وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا خوێندنەوە بۆ سێ لە تایبەتمەندیەکانی سەردارێکی رەسەنو روناکبیری کورد دەکەین، کە بەهۆیەوە وەکو رەمزێکی دیاری رابوونی ئیسلامیی ئەزموونی ژیانی هەڵدەسەنگێنین.

**تایبەتمەندی یەکەم" دژایەتی فەرهەنگی نیپۆتیزم لە سیاسەتیی ئەحمەد کاکە مەحمود دا.**

ئەحمەد کاکە مەحمود لە هەوراماندا لە دایکبوو، ئەو لەئاواییەکی بەشەوکەتو رابردوو بەرزی هەورامانو لە یالانپێی ئینگلیزو رووس شکێندا چاوی بەدنیا هەڵهێنا، پەیوەندیە خزمایەتیو کۆمەڵایەتیەکانی ئەوێ کاریگەربوون بەکلتوری ئیسلامییو ئەدەبیاتو ئەخلاقی خەڵکیش درێژکراوەی ئیسلامەتی تەریقەتو شێخەکان بوو، هەربۆیە لەدەرەوەی کاریگەری بەعسدا رایەڵەکانی یەکتر ناسینو تەعاروف لەئاواییەکانی هەوراماندا زۆر پێداگری لەسەردەکرا، ئەوانە مەزهەبو دین بەپاکی گرێی دابوون، هەربۆیە وەکیەکی سیمایەکی دیاری ئەوێ بوو، بیری کۆمەڵایەتی ئەوێ کاری بە مەفهومەکانی چینایەتی نەدەکرد، هەموو هەورامیەك بەچاوی وەك خۆیەوە دەیروانیە کوردێکی ئاواییەکانی دەوروبەری، رەوشەکە هەربەو جۆرەبوو تا سیاسەتی بەعس تەداخولی کرد، هەربۆیە ئیتر رەنگو بۆی چینایەتی هەورامانیشی گرتەوە، ئیتر چەمکەکانی دەرەبەگو رەعیەت، شێخو دەروێش، هێواش هێواش ئۆتۆکراتیەتی ئەم سەردەمەیان سەپاند، ئیتر بەکلتوری بەعسەوە جیاوازییەکان گەشەیانکرد،

## دادگەری کۆمەڵایەتی و عەدالەتی نێوخەڵکی یەکەمجار لە ئەحمەد کاکە مەحمودەوە بیستمان

ئەم نەزمە لەکۆتایی حەفتاکانو سەرەتای هەشتاکانەوە لەدایك بوو، لەو دەمەدا تەواوی ئاواییەکانی هەورامان لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی زەمەقییو خورماڵو سیروانو شانەدەریدا خڕکرانەوە، لێرەدا سیاسەتی بەعس تەنها دروستکردنی هێڵێکلی سەربازی نەبوو، بەڵکو نەمانی قیەمو بەها کوردانەکانیش بوو، ئیتر لە ئۆردوگاکاندا کار لەسەر بەدرەوشتیو شەرە گەڕەكو جەنگی خێڵەکان دەکرا، لەو رەوشەدا ئەحمەد کاکە مەحمود بوو بە فریاد رەس، ئەو بوویە میمبەری شەرەفو ئەخلاق، مامۆستا بوویە هۆشداری بەهاکانو کەڵچەرەکان، ئەو وەكو گەنجێك هەموو جوانیەکانی کوردەواری بەزمانێکی سەردەمیانەو پاراو بەشەرع دادەڕشتەوە، مامۆستا تەنها گەنجێك بوو کە رەنگرێژی سنوورەکانی شەرعی لەئۆردوگاکانی ئامانجی بەعسدا تۆخکردەوە، ئەو گەنجانە دەدوا، گەنجانە سەردەمەکەی دەدی، مامۆستا ژاکپریڤێر بوو دژی لویسەکانی بەعس، مامۆستا مارای شۆرشێکی پاریس ئاسا بوو بۆ تێکنەچوونی فەرهەنگی نەتەوەکەی، وتارەکانی ئەو وەکو بلاوکراوەکانی مارا هاورێی گەلەکەی بوون، ئەو شەڕە گەرەكو جەنگی کۆلانەو کۆلانو دزییو تالانیو ژیانی ئاژەڵئاسای سیاسەتی بەعسیی پروکاند، ئەو تایبەتمەندی لەوەدا بوو، کاتێك چووە سەنگەری میمبەرەوە ئۆدووی خیانەت ئۆردوگاکانی تەنی بوو، تایبەتمەندی ئەو لەچاو ئیمامەکانی تردا ئەوە بوو گەنج بوو، گەنجانەش دەپەرژایە سەر سەردەمەکەی، بالای رێكو دەنگی بەشەوکەتو بەرز بوو، ڕیشی پڕو ڕووی تەڕوو نورانی بوو، بەئاسانی کاری دەکرد، بەئاسانی نەیارەکانی دەبەزاند، تایبەتمەندی ئەو لەوەدا بوو، بروای بە موجامەلەو ئەشعاری باوی سەردەم نەبوو، سەردەمی ئەو سەردەمی ریشوەو عەمالەتو جاشایەتی بوو، لەو سەردەمەدا خزمخزمێنەو نیپۆتیزم، واسیتەو واسیتەکاریو عەشرەتچیەتی، بەیاسا پشگیری دەکرا، هەرهۆزێك فەوجێکی هەبوو، ئەحمەد کاکە دەنگێك بوو دژی ئەو دنیا تاریکە، دادگەری کۆمەڵایەتی و عەدالەتی نێوخەڵکی

یەکـــەمجار لـــە ئەحمـــەد کاکـــە مـــــەحمودەوە بیـــــستمان، لەنوســــراوەکانی ئـــەودا باســــی سەربەســتیو عەدالــەتو چـــەمکە بـەکوردی کراوەکـانی شـەرع لـەدایك دەبــوون، لاوان لـــە مزگەوتـــەکانی سیروانو خورمـاڵو هەڵەبجـەوە، لاوان لـە ئۆردوگـا ئاوارەکــانی دەســتی ڕژێمـــەوە، لاوان لـــە شـــاخو ســــەنگەرەکانی فیداکاریـــــدا، داهێنانـــەکانی مامۆســــتاو زمانــــە شـیرینەکەی سـورتری دەکـردن لـە بــەرخۆدان، قوتابخانەکــەی مامۆســتا چـەمکانێکی تیـا راڤـە دەکـرا، ئێمـە ئێستا لە زانکۆکانەوە پێیاندەگـەین، زاراوە کوردییــــەکانی مامۆســــتا، پــاراوبوون بــەجوانی کــوردەوارییو شــەرعی ڕەســـەن، ئـــەو زاراوانـــە ئێـستاش بـۆ زمـانی نوسـین نـوێن، هەربۆیـــە مامۆســـتا کـــاتێکیش لەهەرێمەکەیدا بـوو بـە سـەردارێکی چـالاکی ئـەم رابوونـە، ڕێبازەکـەی خـۆی ون نـەکرد، دەمانـچەکەی بـەر پـشتوێنی مامۆسـتا، جیهـادی لـەلای گـەنجان شـیریندەکرد، ڕێبـازی وەك یـەك تەماشـاکردنی خـەڵك، ڕێبـازی دژایـەتی نیپـۆتیزمو خزمخزمێنـــە، ڕێبـازی نەخوێندنـەوەی عەشـرەتو ڕەنگو هـۆزو، هـەموو ئەوانـە ڕێبـازی ئـەو بـون، هەربۆیـە تـەنها گلـەیی بـێ سەوادەکان لەمامۆستا ئەوە بوو، کـە وەك رابەرەکانی تر خزمـەکانی خـۆی لـــە پێـــشەوە نـــەبوون، کـــەوەك رابـەرەکانی تــر تــەنها گرنگــی بــە کەسەکانی خۆی نەدەدا، ئەوکاتانـەی بزووتنـەوە لـە لوتکـەی هێـزدا بـوو، بارەگـای هێـزی هـەورامانی نـەبردە ئاواییەکــەی خــۆی، بــەڵکو هێــزی کـەرکوك لـەوێ بـوو، لەکاتێکـدا ئـەو پێگەیـەی یـالآنپێ باشـترین ڕێگـای بازرگـانی بـوو لـەو دەمـەدا، مامۆسـتا بەئاسـانی دەیتـوانی ڕێگایـەکی مـادی بەنرخ بەدەستبهێنێتو بـەو چـەکەش بتوانێـت دەسـتەو بازنەیـەکی فـرە لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، بەلآم ئـەو ئیمتیـازە دنیاییانـە زۆر لـەلای ئـەو پیـاوە بـێ نـرخ بـوون، هەربۆیـە عەشرەتـچیەتیو حـسابنەکردن بـەو مەفهومانە دیارترین تایمەتمەندی ئـەو پیـاوە بـوون، لەبـەر ئـەوە مامۆسـتا یەکێك بوو لەو سەردارە کەم وێنانـەی بـە نـەداری ژیـاو بەنـەداریش ژیـانی بردە سەر.

**تایبەتمەندی دووەم" جیهانبینی سیاسیی مامۆستا .**

تایبەتمەنـدی کـارکردنی مامۆسـتا لـە ئەزمونێکـدا بـوو، کـە یەکـەمجار بـوو دەوروبەرەکـەی شـیکارێکی سیاسـیی بۆ کارەکـانی بـەعسو دیـسپۆتیزمی ئـــەو هێـــزە ببیـــستن، شـــیکارێکی سیاســـیی لەمیمبـــەرەوە، ئەمـــەش شـــێوازێکی تـــازە بـــوو لـــە ڕووبەڕووبونــــەوەو ئـــــەدەبیاتی بەرەنگاریدا، چونکە شیکاری مەلاکان زمانێکی قەدیمیانەی کلاسیکی بـوو، ڕاسـتە ئـەوانیش هۆشـیاریان دابوویـە دەوروبـەریان، بـەلآم ئـەو گوتـارەی مامۆســــتا لەمیمبــــەرو کــــۆڕو کۆبونەوەکانـدا دەیـوت، زمـانێکی سیاســـییانەی ســـەردەمیانە بـــوو، زمـانو وشـەکانی مامۆسـتا ڕێـك لـە نوسینی نێو کتێبی ئێستا دەچن، کـە زیـاد لەبیـست ساڵە بەسـەر ئـەو ڕەوشـەدا دەڕوات، ئـەو سـیحرێکی سـەیری دەدایـە گـوێگر، هەربۆیـە جــــەماوەرێکی زۆری هـــــەبوو، قوتابیــەکانی مامۆســتا زۆر بــوون، زۆربـون ئەوانـەی شـارو دێهاتـەکانیان دەبری تا گوێبیستی زمانی حـەکیمی مامۆســتابن، تەرەفــدارانی ئــەو بــە تامەزرۆییــــــەوە ڕویانــــــدەکردە مزگەوتـــەکانو ئەوێیانکردبوویــــە مەیدانی هۆشیاری، بەشـێوەیەکی تـر مامۆســـتا ســـەرهەڵدانێکی لـــەنێو ماڵەکانــەوە درووســتکردبوو، کـــە دەکرێت بەسەرهەڵدانی میمبەرو وتـار ناویبــەرین، هــــەروەك چــۆن لـــە ئــەزمونی دراوسـێکانماندا نەجــەف بووبویـــە سەرچـــاوەی ئیلـــهامی خومەینیو تەواوی وتارەکانی لـەوێوە ئاراستەی دنیـای ئێـرانو ئەسـفەهانو تاران دەکرد،

**هەردەبێت ڕۆژێک تەفسیرو فەرهەنگ و ئەدەبیاتی بەجێماوی مامۆستا مەلاعوسمان و ئەحمەد کاکە مەحمود، دەسەڵات بەئاگابهێنێت و بڵێت ئێوە سەروەریەکانی ئێمەن و مانایەکمان بێ بوونی ئێوە نیە!**

بەو جۆرەش هەڵەبجەو هەورامان مەرجەعی شۆرشی مەلاكانو خیتابی سیاسیانەی ئەوان بوو دژی دیسپۆتیزمی بەعس، مامۆستا لەو پێناوەدا هیجرەتی كرد، ئیتر دەسپێكی خەباتی پێشمەرگایەتی بەعەمەلی دەستی پێكرد.

یەكێكی تر لە تایبەتمەندیەكانی بیری سیاسی مامۆستا، كەڵك وەرگرتن بوو لە بنەماكانی ئیسلام بۆ رووبەرووبونەوەی بیری لائیكو كۆمۆنیزم، بەتایبەتی لەهەشتاكانا ئەم دوو بیرە ئەقڵی لاوانی كوردیان خستبوویە نێوان دوو بەرد ئاشەوە، هەربۆیە نوسراوە ئەكادیمیو سەردەمیەكانی مامۆستا تەحەددای هەموو ئەو نووسراوە بێ ناوەرۆكانەی دەكرد، كە نەیارانیشی ئەوانەی بەویژدانەوە بریاریان دەدا ئەم ئەزموونەی مامۆستا بەرز رادەگرن، ئەو لە نوسینی كتێبی سیاسەت لە ئیسلامدا بەجوانی رایەڵە سەردەمیەكانی سیاسەتكردنی پیشانداوەو هەموو رێچكە هەڵەكانی دەرەوەی رێبازی ئیسلامیی رونكرۆدونەتەوە.

**تایبەتمەندی سێهەم" پێش ئەوانكەوتن لە ئەزموونی مامۆستادا.**

هەموو بەرهەمەكانی مامۆستا نوسینی سەردەمێكن، كەتەواوی نوسینە كوردیەكانی ئەو كات بهێنین قۆناغێك بەجێی هێشتوون، زمانی نوسینی مامۆستا تایبەتمەندییە رەوانبێژیەكەی لە نوسینی فەیلەسوفی كورد مەسعود موحەمەد دەكات، بەلاّم لە تێگەیشتن و نەرمیدا زۆر ئەوی بەجێهێشتووە، دارشتنی مامۆستاو وشەكاریەكانی ئەو لە زمانی ناوچەیەكی دیاریكراوی نەدەكرد، بەڵكو گشتگیربوو، تەعبیری لەزمانی نوسینی كوردی دەكرد، لە زۆر پەرەگرافدا دارشتنی ئەو لە ئینشا ئەدەبیەكانی هەژارو هێمنیان دەكرد، بەلاّم وەكو ئەوان دوور لەواقیعو تەسلیمی ئەدەبو خەیاڵ نەبوو بوون، لێرەشدا ئەوانی بەجێهێشتبوو، هەربۆیە نوسینەكانی مامۆستاو رامانی تەفسیرەكەی واقیعی بوو، هەروەكو ژیانی خۆی، مامۆستا ئاكارو وتاری یەكبوونە، ئەو سەركرەیەكی مەیدانی بوو، ژیانێكی سادەی هەبوو، بەردەوام لە نێوخەڵكدا بوو، ئەو هەموو نوسینو تەفسیرو موتالاّیەی لەخەڵكی دورنەخستبوویەوە، لەبۆنەكاندا، لەپرسەو جەژنەكاندا، لەكۆرو سیمینارو سەنگەردا، ئەو لەوێ بوو، لەپێشەوە بوو دەماندی، لەمەیدانەكانی ئاشتییو جەنگی سەپێنراودا هەبوو، مامۆستا خۆشەویستی هەموو هێزەكانی بزووتنەوە بوو، هەورامانو گەرمیان، هەولێرو سلێمانی، هەرگیز جیاوازی نەدەكرد، مامۆستا لە راگەیاندنی بزووتنەوەدا بناغەدانەر بوو، بزووتنەوە هەر ئەوی هەبوو، ئەویش راگەیاندنی بزووتنەوەی كردە پێشەنگ، مام جەلال دەیوت" هێندە پۆستەرو نوسراوی بزووتنەوەمان لەدەرەوە دەدی، خەباتی سی ساڵی ئێمە هێندەی ساڵێكی بزووتنەوە نەناسراوە، ئەمەش ئاكامی دڵسۆزی مامۆستا بوو، هەربۆیە مەرگی مامۆستا لەدەستدانی پێشەنگێكی چالاك بوو، پێشەنگێك خەمی رابوونی ئیسلامیی لەپێشەوەی هەمواندا سەرو ریشی سپی كرد، مامۆستا خەمی هەموو ئەو دنیا ویستیەی چنگی لە رابوون گیر كردبوو بێزاری كرد لە ژیان، تا ئەوان دڵسۆزانە هاتنە كاروانەكەیەوە پێشەنگیانبوو، كاتێكیش ئەوان باوەشیان بەدنیادا كرد، مامۆستا بەروو سورییەوە دنیای بەجێهێشت.

# لە ناو قەومی بەسیتا، قەدری سەنعەتكار وەكو عەكسی قەمەر وایە لەناو حەوزێكی لیخندا